# مۆبایلی چەماوە و بازنەیی بەرهەم دێت



## لاپتۆپی هێربریدی هەمەکارە



## دەسکی یاری و کیبۆرد پێکەوە

تێکەڵ کردن و هاوبەش بوونی چەند ئامێرێك پێکەوە زۆر لەمێژ نییە لە جیهانی دیجیتالیدا باوە، هەرچەندە ئێستا وای لێهاتووە ئامێرێك ئەرکی چەند ئامێرێکی دیکەش ئەنجام دەدات. کیبۆرد و ماوس دەکرێت لە یەك ئامێردا کۆبکرێنەوە، یان مۆبایل و کامێرای دیجیتالی... یان ئامێری دیکەش...

ئامێری Advanced gameboard Logitech G١٣ ئامێرێکە تێکەڵاوە لە دوو ئامێری کیبۆرد و جویستیك واتە دەسکی یاری.. کیبۆردێکە بۆ ڕاپەڕاندنی کاری تایب و نەخشەسازی نییە، بەڵکو تایبەتە بە گەمە و یاری ئەلیکترۆنی.. ئامێرەکە جۆرێك دروستکراوە کە لەگەڵ پەنجەکانی بەکارهێنەر دەگونجێت، ئەوانەی یاری دەکەن گەر ماوەیەکی زۆریش درێژە بە یارییەکە بدەن پەنجەکانیان ماندوو نابێت. میمۆری ناوخۆی، ڕەنگدانەوەی تیشکی پشتەوەی دوگمەکان و شاشەیەك کە لەسەرکیبۆردەکە دیزانێکی سەرنج ڕاکێشی پێدەبەخشن.

لە کیبۆردەکەدا ٣٤ دوگمە هەن بەهۆیەوە دەتوانرێت هەتا ٧٥ ئەرکی تایبەت بە یاری ڕاپەڕێنی.






داهێنان لەدوای داهێنان، هیچ شتێك بەقەد مۆبایل لەم چەند ساڵەدا گۆڕانكاری بەسەردانەهاتووەو داهێنانی نوێ نەهاتۆتە ئاراوە، مۆبایلەكانی ساڵی رابردوو ئەمڕۆ دەبنە مێژوو ئەرشیف.. لەم دواییەدا مۆبایلی جۆری moxi بەرهەمهات كە دەكرێت وەك یەكەم مۆبایلی هۆشمەند كە بەمانای راستی دەچەمێتەوە بناسێندرێ. هەرچەندە بیرۆكەی داهێنانی مۆبایلێكی لەم جۆرە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوە. نهێنی چەماوەیی بوونی مۆبایلەكە بۆ مادەیەك دەگەڕێتەوە بەناوی (grahpoene)، ئەم مادەیە یەكێكە لە ناسكترین و سووكترین و بەهێزترین روونترین كەربۆنەكان. بەهۆی ئەو مادەیەوە دەتوانی مۆبایلەكە وەك كاتژمێرێكی دەست یان دەستبەندێك لە دەست بخەی.




كۆمپانیای dell ناوبانگێكی ئاشنایە بۆ ئەوانەی كاری كۆمپیوتەر و تەكنەلۆژیای نوێ دەكەن و ئامێرەكانی كۆمپانیای ناوبراو بەكاردێنن، كۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا یەكەمین لاپتۆپی هێربێردی واتە هەمەكارەی ١٧ ئینجی بەرهەم هێنا.

دەستەواژەی هێربرێد بەو ئامێرانە دەگوترێت لە یەك كاتدا چەندین ئامێرن، بۆ نموونە لاپتۆپە، تەبلێتە، كۆمپیوتەری سەرمێزە... لاپتۆپی جۆری inspiron ٧٠٠٠ ئامێرێكی هێربرێدیە كە كامێرایەكی سەرووی تیشكی سووری لەسەرە سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە. هەروەها تایبەتمەندی ئەمنییەتی windows hello لەسەرە كە تەنیا بە دیتنی روخساری كەسەكە كۆمپیوتەرەكە دەكرێتەوە.

جگە لەوەی شاشەكەی ١٧ ئینجە و دەكرێت وەك لاپتۆپێكی گەورە سوودی لێوەربگیرێ دەكرێت رامێكی ١٦ گیگابایتی بۆ دابندرێ.



# ئەداپتەرێكی تایبەت بە ئایفۆن ٧

ئایفۆن ٧ هێشتا نەكەوتۆتە بازاڕ كەچی لە ئێستاوە هەوڵدراوە ئامێری تایبەتی بۆ بەرهەم بێت، هەروەك باس دەكرێت ئایفۆن٧ شوێنی تایبەتی بە هیدفۆنی نییە، بۆیە لە ئێستاوە هەوڵدراوە ئەداپتەرێك بەرهەم بێت كە شوێنی هیدفۆن بگرێتەوە.

كۆمپانیای tama electric سێ ئەداپتەری بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هێناون كە لە شوێنی لایتنینگی ئایفۆن دەخرێن و لەلایەكی دیكەوە شوێنی هیدفۆنی هەیە. یەكێك لە ئەداپتەرەكان شوێنی دانانی پۆرتی USB هەیە. كۆمپانیای ئەپل هەوڵیداوە ئایفۆن ٧ بەجۆرێك بەرهەم بێنێت كەتەنكتر بێت و بۆیە چەند شتێكی تێدا لابردووە.بەشێكی لەهۆكاری لابردنی كەلێنی هیدفۆن بۆ ئەوەیە كە ئاو نەچێتەناوی.

# ڕۆبۆت بۆ خاوێنکردنەوەی جامەکان




جام و شوشەی پەنجەرەکان وەك خاوێن کردنەوەی ماڵ نین کە هەموو ڕۆژێ پاك بکرێنەوە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە پەنجەرەکانیان لە شوێنێکی بەرزن وەك هوتێل و باڵاخانە بەرزەکان، بۆ شوردن و پاککردنەوەی جامەکان دەبێت ئەو کەسەی بەو ئەرکە هەڵدەستێ بچێتە سەر شتێکی بەرز وەك قادرمە، یان ئەگەر پەنجەرەکان نەویش بن دیسان زەحمەتە پاککردنەوەیان.

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ڕۆبۆتێکی تایبەتیان تەنیا بۆ پاککردنەوەی شوشەی پەنجەرە و دەرگاکان بەرهەم هێناوە، ڕۆبۆتەکە بە winbotv ناسراوە، خۆکار دەست دەکات بە پاککردنەوەی جامەکان و ئەویش نەك بە فلّچە و ئاو بەڵکو لە پادی میکرۆ فەیبەر سوود وەردەگرێت و هەرکاتێکیش ئەرکەکەی تەواو بوو دەچێتەوە شوێنی خۆی... بە هەموو جام و پەنجەرەیەکیش دەنووسێت، هەر شوێنێکیش خاوێنی کردبێتەوە جارێکی دیکە پێدا نایەتەوە و دەزانێ کوێی خاوێن کردۆتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



بەڕێزێك پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت بە چ شتێك بزانم مۆبایلەکەم تووشی ڤایرۆس هاتووە، هێماکانی ڤایرۆسی بوونی مۆبایل چییە؟

خوێنەری بەڕێز هێماکان زۆرن کە لێرەدا ئاماژە بە چەند هێمایەك دەکەین. ئەگەر بەبێ ئەوەی کە خۆت بتەوێ وای-فای مۆبایلکەت پێکرا یان کوژایەوە، ئەگەر بەبێ ئەوەی کە بتهەوێ لە خۆوە وێبگەڕی مۆبایلەکەت کرایەوە و چۆ سەر سایتێك کە تۆ نەکردۆتەوە، ئەگەر بێ ئەوەی کە بتهەوێ، کۆمەڵە پرۆگرامێك دابەزینە سەر مۆبایلەکەت. ئەگەر تێم و ڕوخساری مۆبایلەکەت گۆڕا. گەر نیشان بدات میمۆری مۆبایلەکەت پڕ بووە، کەچی هیچی وای لەسەر نەبێت. ئەوانە گشتیان هێمان بۆ ڤایرۆسی بوونی مۆبایلەکەت و دەبێ چارەسەر بکرێت.

# سیستەمی ئەندرۆید لەسەر ویندۆز بکەوە



سیستەمی ئەندرۆید کە زیاتر بۆ تەبلێت و مۆبایلەکان و سیستەمێکە بەکارهێنانی ئاسانە و قەبارەی داکردنی لەسەر مۆبایل و تەبلێت قورس نییە، ئەوەش وایکردووە مۆبایلە هۆشمەندەکان پشت بەو سیستەمە ببەستن.. چەند ساڵ پێشتر هیچ پەیوەندییەک نەبوو لە نێوان سیستەمی ویندۆز و ئەندرۆیدا، بەڵام ئێستاکە چەندین پرۆگرامی بە سوود هەن کە ئەو ئەرکە رادەپەڕێنن، یەکێک لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Genymotionە، ئەم پرۆگرامە راست شێوەی سیستەمی ئەندرۆید لەسەر ویندۆز دادەنێت، وەك ئەوەی مۆبایلەکەت لەسەر کۆمپیوتەر بکەیەوە، یارییەکان، وێنەکان، پرۆگرامەکان... تەنانەت دەتوانی بە کامێراکەش وێنە بگری. سیستەمی GPSی مۆبایلەکەت بکەیەوە. لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆزیش دەگونجێت..

# ئامێرێک بۆ حەسانەوەی چاوەکانت



سەردەمی دیجیتالی زیانی بۆ گشت ئەندامانی جەستە بووە، بەتایبەتی چاوەکان چونکە، مۆبایل، کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن هەرچی خاوەنی شاشە بێت تیشک دەدەنەوە و زیانیان بۆ چاوەکان هەیە، دەبێتە مایەی سووتانەوە ماندوویەتی چاوەکان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەرایی گلێنەی چاو وشك دەبێت و چاو دەسووتێتەوە. رێگا چارەی ئەمە چییە. دیسان پەنا بردنە بەر دونیای دیجیتالی...

ئامێری Aurai ئامێرێکە دەتوانێت ماندوویەتی چاوەکان کەم بکاتەوە.. ئەو چاویلکەیە هەرکات خستە سەر چاو سەرما و گەرمای دەوروبەری چاو رێك دەخات، جۆرە ماساژێکی هەیە، چەوری دەوروبەری پێلووی چاو شل دەکاتەوە خوێن بۆ دەوروبەری چاو دەنێرێ. ئەو ئامێرە هەر ئەوە ناکات بەڵکو رێژەی بینایی بەکارهێنەرەکەی دەزانێ و پێی دەڵێت چ کاتێك پێویستی بە چاویلکەیە یان چ چاویلکەیەك بۆت دەگونجێت، هەروەها پێت دەڵێت چ کاتێك حەسانەوە بدەی بە چاوەکانت.

# هەموو رۆژێک زانیارییەکی نوێ فێربە



سایت گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە فێرکردن و فێرکاری، هەندێك لەوانە بە خۆڕایین و بەشێکیشیان لە بەرامبەر فێرکردندا تێچووی فێرکردنەکەیان دەوێت..یەکێك لەو سایتانە سایتی www.skillshare.comئەم سایتە هەتا مانگێك بەخۆڕاییە پاشان دەبێ بۆ بەشداربوون لە خولەکانی فێربوون دەبێت ١٠ دۆلار بدەی. لە هەر بوارێك دەتوانی تێیدا سەرکەوتووی فێرکاری هەیە.. هەتا ئێستا زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس لەو سایتەدا بەشدارن.

سایتەکە بەشێوازێکی ئاسان و بە کورتی مەبەستەکانی فێری فێرخوازان دەکات، گشت فێرکارییەکان بەشێوەی فیلمن و ئەگەر داهاتووی خۆت لە بوارێکدا دەبینییەوە سەر لەم سایتە بدە.